# تاکەی سەری هاوڕێکانتان دەکەنە بەردەباز تاکەی؟

**ڕزگار ڕانگور**

ئەمەریکا دوژمنایەتی خۆی ڕاگەیاند لەهەمبەر گەلی کورداو کەسێک لەدنیادا نەهاتە دەنگ لەسەرمان و ئەواتا جۆرج دەبلی و بۆشی هەرزەش پاڵپشتی خۆی دوبارەکردەوە ،ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ هەمووان

لەلایەک ئەمەریکێکان دژ بەهەموو پەیامێکی ئیسلامی دەوەستنەوەو لەلایەکی ترەوە ئەمەریکا بەرگریەکی زۆر شێت گیرانە لەئەردۆغانی تاسەر ئێسقان ئیسلامی دەکات و دەستیان ئاوهاڵا کردوە تاک و قەسابی گەلەکەم بکات و بەبەرچاوی هەموو دنیای کوێرەوە کەهەموویان لەکونی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەڕوان ئەم هەموو لەشکر کێشی یە بێ ویژدانی یەی کە دەکرێتە سەرمان دەمان کوژن،باڵوێزی ئەمەریکا لەبەغداد(ڕایان کرۆکەر) دەڵێ تورک مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات و ئێمە واتە ئەمەریکا بەڕاکشاوانە دەڵێین پ ک پ گروپێکی تیرۆریستین و ڕێگەمان داوە بەتورکان کە ئۆپراسۆن بکەن هەمان شەکر تاڵەبانێکەی کوردیش دەی کرمێنێ و دەڵێ تورکان مافی خۆیانە بەرگری بکەن ، بەڵام کورد مافی خۆی نی یە بەرگری بکات ،چ شەرمەزاریەکی گەورەیە ئاخر بۆ یە مادەی 140 جوان جێ بەجێ بوو ئەم ئەشرافانە یە نوێنەرەکانمان ،تەڕ لەم شەڕی دبلۆ ماسی یەدا دەیبەینەوە ،گەلۆ کورد بەرامبەر ئەم هەڵوێستە ی ئەمەریکا دەبێ چۆن بێت و چی بکات ،تالەبانی لەدەم پانکردنەوەیەکدا لەسلێمانی ووتی تورکان هاش وهوش دەکەن و هێرش ناکەن، لێ هێرشیان کردو تالەبانی نقەی نەکردوە تاک و ئێستا ئەمەریکایەکان لەچاوی سەرانی کوردەوە دەڕواننە گەلێکی45 ملیۆنی چونکە سەرانی بەزۆر سەپێنراوی کورد تەنها جارێک جوامێریان نەنواندوە و گەلێکیان بەتەواوی مانا خەساندوە ،لەوەتەی تورکیا خۆی بۆ ئەو تاوانە ئامادە دەکات ناوەندی (چاک) هاوار دەکات بابایکۆتی بازاڕی تورکان بکەین لێ سەرانی ترسنۆکی کورد دەیان کۆمپانیای تورکیان هێناوە بۆ ئەوەی ماڵ و ڤێلایان بۆ چاک کەن و هەرچی خواردنی بەسەر چووی ئەو وولاتە هەیە لەکوردستانی باشوردا ساغدەکرێتەوە ،16 ساڵە سەرانی بەزۆر سەپێنراو لەباشور گەلێکی نەخۆش کۆیلە بەرهەم دەهێنن 16ساڵە تۆوی نیفاق و دوژمنایەتی لەناومانا دەچێنن 16 ساڵە بەدرۆ گۆشمان دەکەن ودەمان خەسێنن ، هەنوکە کێ توانای هەیە بڵێ ئادەی کوڕ گەل بادژ بەئەمەریکا تەنها ڕێ پێوانێ بکەین ؟

ئەوخەڵکەیان واترسانوە واخەسان وە ئاخر کاتی ئەوە هاتوە پرسیار بکەین گوڵ بارانی کێتان کرد بۆ کرتان ڕژێمی تورکیا لەکاتی داگیر کردنی ئێراکدا نەی هێشت فرۆکە جەنگێکانی هاوپەیمانان لەوێوە هەستن وسەرئەنجام ئەمەریکا هەر بچوک بۆوە بۆ تورکیاو ئەوەتانێ هەموو شتی بۆ ئەنجام دەدات سونێکان دوو تفەنگیان تەقان و ناویان نا مقاوەمە ،بۆش هەر ئەوە بوو عەگال نەبەستێ خۆی گەیاندە ئەنبارو شانی عەشایەرە عەرەبەکانی ڕاموسی و مەمنونیان بوو ئەوەتا ،پەیمانیشی دانێ تاوان بارانی ئەنفالیان بۆ بپارێزێ

ئافەرم سەرانی کورد ئافەرم ، سەرۆکی هەرێم دەڵێ لەبەر کات نەچوم بۆ لای وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبەغداد چونکە کوردستان هێرشی بۆ دەکرێت ، بەلام ژانە دان وای لێ کرد بۆ ماوەی دوو هەفتە خۆی وون کات و نیشتمان بەجێ بێڵێ ، چ دنیایەکی سەیرە ئەو

هەموو بۆردمانە کراوە کەچی قسەکەری هێزی پ م دەڵێ هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبوە ، بەلام ڕێگە نادەن مێدیای کوردی ڕەسەن بچێتە ئەو شوێنانەو هەواڵی دروستمان بۆ بێنەوە ، هەنوکە قسە لەسەر ئەمەریکایە کورد دەتوانێ چی بکات و چۆن کارێ بکات ئەمەریکای زەبەلاح لەو هاوکێشەیە بێنێتەدەرەوە ،خزمینە ئەمە ئەمەریکاو تورکیا نی یە ئەمە بەرهەمی نوێنەرانی کوردە لەبەغداد ئەوانەی هێندە خەریکی بۆ یاخی سەرو لەهەوڵێ سەفەرو ڕابواردنابن لەخەمی گەلەکەما نین ،بەرهەم ساڵح دەڵێ دواکەوتنی مادەی 140 زەرەر لەکەس نادات ، بەرهەم چاک دەزانێ شەش مانگی تر ڕژێمی ئیراک بەهێز دەبێ و ئەو دەم کەس گوو بەکلاوی ئەوان ناپێوێ سەرانی کورد سەلماندیان تاسەر عێسقان خائینن درۆزنن هیچ لەبارا نەبوون و کۆیلەن بەهەموو مانایەک ئەو گەلەی باوەڕ بەمانەش بکات وەک ئەوانە ، بەعسێکان دەیان ووت( ووڵاتەکەمان وەک بەلەمێک وایە کەس لەخۆیەوە بۆی نی یە کونێکی تێ بکات لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی نقوم بوونی هەموان ) سەرانی کورد نەگوێ لەخەڵک دەگرن نەسودیان لەدوژمان کردوە هەنوکە ئەمانە وەک جرجی تۆقیویان لێ هاتوە ناوێرن دەنگ بکەن نەلەبەغداد و نەبەرامبەر هیچ داگیر کەرێک ئەوە ئەمەریکا هەر بڤەیە ، بەڵام من بەگەلەکەم دەڵێم تورکان ئەوە نین لەشکرێکی تاسەر عێسقان فشۆڵن و خاوەنی هیچ پایەیەکی ئابوری نین و چۆن لای خۆمان گەندەڵێ دای ڕزانووین لەتورکیا هەزار قاتە ، کاتی ئەوە هاتوە یادگاریەکتان لەگەڵ لەشکرە فشۆڵەکەی تورکیادا بۆ باس کەم مانگی ئۆکتۆبەری 1997 ئێمە 13 پێشمەر گەبووین لەڕوباری ڕۆشینەوە بەرێ کەوتین لەدەشتی بەراز گرەوە بۆ ئەوەی بۆ بادینابن بگەڕێینەوە لای گوندی مام ڕەش کومەندۆی تورکی و دەیان کۆپتەر دەوریان داین ئێمە دووان لە پ م نەخۆش بوون و لەو هێزە دابڕابوون کەلەگەڵ ڕاید جەلال دا هاتبوون بەسەر هێسترەکانەوە بوون دەوریان داین بوو بەمیل هێنانەوە ئێمە دامەزراین لەو ناوەدا ، چەند ئەفسارێکی لوس ڕێش تاشراو هاتن ئێمەش دای سامانمان لەگەڵ بوو تورکی دەزانی بەئێمەیان ووت ڕێزبن ئەوت بەمنداڵ دەڵێن ئێمەووتمان ئێوە ڕیز بن دوو ڕۆژ پێش ئەو ڕوداوە 96 پاسداریان کەدەچون بۆ ناوچەی شێخان ئاوا چەک کردبوو زۆریان قسەکرد کونجرینی هاوڕێم ووتی ئەمە کوردستانەو ڕێگەمان هەڵەکردووە ئەفسەکە کەهەموو گیانی وەک شەق شەقە دەلەزی ووتی ئەمە تورکیاوە بۆ تان نی یە جگەرەیەکیشی تیا بکێشن ، جاشێکی کوردیان لەگەڵ بوو ژێرسێیەکی پێ بوو دەیووت بەشەو وەرن بڕۆن لێرەوە ئێمە نایەینە سەر ڕێتان هێزەکەی ئەوان تادەهات زیاد دەبوو هەر کۆپتەر بوو هێزی دەهێنا بۆیە بڕیارمان دا نەرم نەرم بگەڕێی نەوە لای ڕوباری ڕۆشین ،ئەو هێزە زەبەلاحەی تورک نەی توانی ئێمە برینار کات ئەودەم باوەڕ هەبوو کۆ مەندۆ چی بوو هەنوکە لەباشور 180000 هەزار پ م هەیە کەسیان ناوێرن بچن بۆ شوێنی ڕوداوەکان هاشمی شۆڤێنی دەچێ بۆ وێنە گرتن دوایش بەتورکان بڵێ دەستان شکێ باشتان لێ نەداوە ، کورد تەنهایە بەبۆنەی ئەو پیاوانە وە سەرانی کورد وەک نوێنەر دایناوە لەدەرەوەی کوردستان هەر خەریکی بەرم ورەزمی خۆیانن خەریکی دزی وکەڵەکە کردنی سەمایەن و دزینی لوقمە نانی دەم هەژارانن ،تەنهاین و تاک وئێستا نەمان توانیوە سیمپاتی بۆ بزوتنەوەکەمان پەیداکەین بۆیە کەس قەواڵەمان ناخوێنێتەوە ،تەنهاین و لایەک لەووڵاتەکەمان سوتماک دەکرێت دەهۆڵ و زوڕنا دەژەنین و هەڵدەپەڕین تەنهاین و وەک

بەردی ڕزیو تابێت لەبەر یەک هەڵدەوەشێین ،گەریلاکانی قەندیل ئاوێنەی گەلەکەمە بەو مانایە حوکمەتی ئەمەریکی بەگەلەکەم دەڵێ تیرۆریست ، بائەو ناهەقی یە قبوڵ نەکەین خواستی گەلێک بەتیرۆر بشوبهێنرێت و پلانی لەناوچونی بۆ بدرێت ، ئەم گەلە کۆمەکی یەی لەسەر قەندیل دەکرێت هەمان کارەساتی هەکاریمان بیردێنێتەوە و هەمان ئەنجام چاوەڕێ ی دەکرێت بابەس بەگفتی ئەو سەرە بەزۆر سەپێنراوانە قبوڵ بکەین و گوێ بۆ درۆو دەلەسەکانیان بگرین چونکە کەتیا چین هەمووومان تیا دەچین و بەکۆیلەیی دەمرین کەسێکیش بەکۆیلەیی بمرێت هەر شەرمەبژی و بلێ ژیاوم.